# چەند سەرنجێك لەسەر هەفتەی هەڵوێستی ژنان



ئارام سدیق

پرسی ژن لەكۆمەڵگەی كوردیدا تا هەنووكە لەسنورێكی دیاریكراودایەو نەیتوانیوە سنوورە قەدەغەكراوەكانی كۆمەڵگە ببڕێتو سنورێكیش بۆ ئەو هەموو دەستدرێژیكردنە سەر مافەكانی ژن دابنێت، ئەو دەیان رێكخراوەی ژنان ئەگەر چی بوونیان لەنەبوونیان باشترە، بەڵام بوونیشیان كاریگەرییەكی زۆری لەسەر پرسی ژن لەكۆمەڵگەی ئێمەدا نەبووە، چونكە ئەگەر بكارو چالاكییەكانی ئەو رێكخراوو سەنتەرانەدا بچینەوە دەبینین ئەو كارانەی ئەوان كردوویانە نەك لەئاستی پێویستدا نین، بەڵكو لەئاستێكی نزمی خزمەتكردنی دۆزی ژندان، بۆیە بەر لەهەر شتێك كۆمەڵگەی ئێمە زۆرترین پرسێكی نەهامەتیەكانی بەركەوتووە.

لەچەند هەفتەی رابردوودا سەرجەم رێكخراوو سەنتەرەكانی ژنان هەفتەیەكی كارو چالاكیان دەست پێكرد بەناوی (هەفتەی هەڵوێست) وەكو هەڵوێست وەرگرتنێك لەئاست ئەوەی لەكابینەی نوێی حكومەتی هەرێمدا لەكۆی (٤٢) وەزارەت تەنها وەزارەتێك بۆ ژنان تەرخان نەكراوەو نیوەی كۆمەڵ لەكابینەی نوێدا پشت گوێ خراوە. قسەی من لێرەدا لەسەر چۆنێتی كاركردنە لەم هەفتەی هەڵوێستەدا، چونكە پێموایە ئەم هەفتەیە هەفتەی هەڵوێست نەبوو بەرامبەر پرسی ژن لەكابینەی نوێدا(كەدەبوایە وابوایە) بەڵكو هەفتەی دووبارە خۆناساندنەوەی رێكخراوو سەنتەركانی ژنان بوو، چونكە ماوەی چەند ساڵێكە ئەوان لەپەراوێزێكی زۆر تەسكدا كار دەكەنو نەیانتوانیوە نەك خزمەت بەنیوەی كۆمەڵ بكەن، بەڵكو خزمەت بە سەرەتاترین مافەكانی ئەو ژنانەش بكەن كە لەو رێكخراوو سەنتەرانەدا كار دەكەن. هەفتەی هەڵوێست، نەك نەیتوانی رای گشتیو دەسەڵاتی كوردی لەپرسی ژن ئاگادار بكاتەوە، بەڵكو نەیتوانی لە كەمترین ئاستدا خزمەت بەژنانو پرسە گرنگەكەیان بكات، چونكە كاتێك بڕیاری هەفتەی هەڵوێست درا كابینەی نوێی حكومەتی یەكگرتوو پێكهاتبوو هیچ رێگەیەك نەمابوو بۆ تەعدیل كردنو زیاتركردنی وەزارەتی نوێ، چونكە دەزانین چەند ساڵێك گفتوگۆو سوێند خواردنو هاتووچۆ ئەوسا حكومەتێكی یەكگرتووی چلو دوو وەزیری لێكەوتەوە كە دەستكاری كردنو تەعدیلكردنی كارێكی تا سەر ئێسقان مەحاڵ بوو، واتە هەفتەی هەڵوێست لەسەرەتای كارەكانیەوە ئەوە روون بوو كە ناتوانێ هیچ لە بارودۆخەكە بكاتو كاریگەریشی بۆ سەر ئەو كابینەیە هەبێت.

سەرنجێكی تری من لەسەر هەفتەی هەڵوێست ئەوە بوو كە پاش ئەوەی هەفتەكە تەواو بوو ئەو رێكخراوو سەنتەرانەی ژنان هیچ بەیاننامەیەك، یان روونكردنەوەیەكیان نەخستە روو تا بزانین دەستكەوتی ئەو هەفتەیان چی بووە، ئایا چ وەڵامێكیان لەلایەن دەسەڵاتەوە دراوەتەوە، هەروەها دەبوایە لانی كەم كۆنگرەیەكی رۆژنامەنووسیان بۆ روونكردەوەو كارو چالاكیان لەو هەفتەیەو داهاتوودا بخستایەتە روو، واتە ئەو هەفتەیە نەك هەفتەی هەڵوێست نەبوو، بەڵكو هەفتەی بێ هەڵوێستی بوو تەنها گەرمكردنی بازاڕی پۆستەر چاپكردن بوو هیچی تر.

دواجار ئـەوەی دەمـەوێ سـەرنجی وردی بخەمـە سـەر ئـەوە بـا لەئێـستاوە هەڵوێـست وەربگـرن لەسـەر کابینـەی داهـاتوو ئەگـە دەیانـەوێت وەزارەتێـك هـەبێت بـۆ کاروبـاری ژنـانو خزمـەت بـەژن بکـات، نـەك کـە کابینەکـە جێگیر کـراو نـاوی وەزارەتـەکان بڵاوکرایەوە، ئەوسا بیریان بکەوێتەوە ئەرێ خۆ وەزارەتی کاروباری ژنانی تێدا نییە!!

بۆ کارکردن لەئێستاوە بۆ داهاتوو گرنگە نەك لەئێستادا بتەوێت دۆخێك بگۆڕێت کە رابردووە.